

# بەندکراوانی ئافرەت کەفیلیان دەست ناکەوێت

ئافرەتانی زیندانی لەبەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ئافرەتان و نەوجەوانان، کێشە و ئاریشەی جۆراوجۆریان هەیە، نەبوونی کەفیل بۆ ئازادبوونیان زەقترین کێشەی ئەو ئافرەتانەیە، بەرپرسی بەشی ئافرەتان لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ئافرەتان و نەوجەوانان، نیگەرانی خۆی لەوە دەردەبڕێت کە حاڵەت هەبووە کەسوکاری ئافرەتەکە بوونەتە کەفیلی و لەپاش دەرچوونی کوشتوویانە، حاڵەتی واش هەبووە کەسێکی بێگانە بۆتە کەفیلی و پاشان لەدەرەوە بۆ کاری خراپ بەکاری هێناوە بازرگانی پێوەکردووە.

## زیندانیانی ئافرەت پەیداکردنی کەفیل
## بە تەلیسمێکی گەورە دەشوبهێنن

لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ئافرەتان و نەوجەوانان، لە بەشی ئافرەتان ٦٣ ئافرەت بە (تەوقیف و حوکمدراو) هەن کە بە ماددەی جۆراوجۆر دەستبەسەر کراون. بەشێك لە ئافرەتانی ئەو ناوەندە چاکسازییەش بە کەفیل ئازاد دەکرێن، بەڵام ئەوەش بێ گرفت نییە و زۆربەی زیندانیانی ئافرەت پەیدا کردنی کەفیل بە تەلیسمێکی گەورە دەشوبهێنن.

ژینۆ ئازاد ئەحمەد بەرپرسی بەشی ئافرەتان لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ئافرەتان و نەوجەوانان، لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان دەڵێت «ئافرەت هەیە ساڵێکە لێرەیە بێئەوەی کەسوکاری سەردانی بکەن و لێی بپرسنەوە، لەماوەی رابردووشدا دوو سێ حاڵەتمان هەبووە کە کەسوکاری ئافرەتەکە بوونەتە کەفیلی و لەپاش دەرچوونی لێرە کوشتوویانە، ئافرەتمان لایە، کەسوکاری دەبنە کەفیلی، بەڵام ئەو متمانەی بەکەسوکارەکەی نییەو دەترسێ دوای بردنەوەی بیکوژن، بۆیە نارواتەوەو لێرە دەمێنێتەوە، گەر ئازادیش بوو دەچێتە سەنتەری داڵدەدانی ئافرەتان، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا واباشترە کەسوکاری خۆی ببێتە کەفیلی، چونکە حاڵەتی واهەبووە کەسێکی بێگانە بۆتە کەفیلی و پاشان لەدەرەوە بۆ کاری خراپ بەکاری هێناوە و بازرگانی پێوەکردووە».

ژینۆ جەخت لەوە دەکاتەوە کە دوای لێکۆڵینەوە لەگەڵ گیراوەکانیان دەرکەوتووە زۆربەیان بەهۆی پەروەردەی نادروستی خێزانی تووشی ئەو بەسەرهاتانە بوون، هەندێکیان بێ دایك، یان بێ باوکن، یان لە منداڵییەوە بێ سەرپەرشت بوون و خەڵك بەخێوی کردوون، بۆیە تووشی تاوان و هەڵە بوون.

### لە بری کەفالەت کردن حاشایان لێدەکەن

نەواز ئافرەتێکی مات و مەلوول و رەشپۆشەو تەمەنی تەنیا ١٩ بەهاری لێ تێدەپەرێ، بەڵام ژیانی لەکونجی زینداندا بەسەر دەبات، کاتێك رازی بوو باسی کێشەکەی بۆ گۆڤاری گوڵان بکات، پێش هەموو شتێك فرمێسکە قەتیس ماوەکانی ناو چاوی بەسەر گۆنا زەرد و زەعیفەکانیدا گلار کردەوەو دوای سڕینەوەی فرمێسکەکانی وتی: لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا براکەم ژنێکی ناوچەکەی خۆمانی هەڵگرت، بۆ ئەوەی براکەم نەکوژرێ، باوکم منی بەزۆر لەقوتابخانە دەرهێنا کە ئەوکات لە چواری ئامادەیی دەمخوێند، من لەبری نامووس لە برای کچەکە مارە کرام، من بەهیچ شێوەیەك بەم زەواجە رازی نەبووم، لەبیرمە ئێوارەیەك مەلایان هێنا و موختاری ناوچەکە و مەلاکە زۆر ئامۆژگارییان کردم، وتیان بۆ ئەوەی لەنێوان ئەو دوو عەشیرەتە خوێن نەڕژێ، ناچارین ئەو کارە بکەین، هەر ئەو شەوە برا گەورەکەم لەبری نامووس منی بەقژ راکێشان بۆ ماڵی زاوا برد، کە ژن و شەش منداڵیشی هەبوو».

نەواز بەدەم گریانەوە بەردەوام بوو لە گێڕانەوەی ئەو تراژیدیایە «هەڵسوکەوتی مێردەکەم زۆر لە هی هەوێیەکەم خراپتر بوو، هەموو رەفتارێکی لەگەڵم گیانی تۆڵەسەندنەوەی تێدابوو، تەنانەت لەناو جێگەش، سەرباری هەموو ئەوانەش بۆم نەبوو منداڵم ببێت، کە داوای منداڵم دەکرد، دەیگوت: کوڕیشم هەیەو کچیشم هەیە، منداڵمان ناوێ، تەنیا سێ ساڵ توانیم بەرگەی ئەو ژیانە بگرم، چوار مانگ پێش ئێستا لەگەڵ کوڕەمامێکی مێردەکەم عەشقی یەکتر بووین، رۆژێك لەگەڵی چوومە پیاسەو یەکسەر رێگەی سنووری نێوان ئێران و عێراقی گرتەبەر، منیش وتم: بەهیچ شێوەیەك لەگەڵت نایەم، بۆ بەیانی من بە نهێنی گەڕامەوە، کە گەڕامەوە ئەو کوڕە لای ماڵی بابم و خەزوورم وتبووی ئەو دوو رۆژە لەگەڵ من بووە، ئێستاش مێردەکەم بە تۆمەتی خیانەت شکاتی لێکردووم، حاکم لەدوای باوکمی نارد، تاوەکو کەفالەتم بکات، بەڵام باوکم حاشای لێکردووم، ئێستاش کەس نییە ببێتە کەفیلم و لەزیندان رزگارم بکات، هەرچەندە دوای ئازادبوونم جێگەو ماڵم نییە، بەڵام ژیان لەناو زیندان زۆر زەحمەتە».

### ئەو ئافرەتانەی بە شیربایی
### دەفرۆشرێن زیاتر تووشی هەڵە دەبن

سەنار ئافرەتێکی دیکەی تەمەن ٢٤ ساڵەیە، وەك خۆی باسی دەکات ژیانی ئەویش لەکێشە و ناخۆشی بەدەر نەبووە، ئەو وتی: لەبەر ئەوەی نەناردرامە قوتابخانە و نەخوێندەوار بووم، لە تەمەنی شازدە ساڵ باوکم بێئەوەی پرسیشم پێ بکات، منی لە ئامۆزاکەم مارەکرد و لە بەرامبەردا شیربابییەکەی منی خوارد، منیش کوڕێکی دراوسێی خۆمانم خۆشدەویست، نەوێرام بڵێم کەسێکی ترم خۆشدەوێ، چونکە باوکم دەیکوشتم، ساڵێك لای ئامۆزاکەم مامەوە، دواتر جیابوومەوە، دوای ئەوە باوکم جارێکی دیکە منی فرۆشتەوە، ئەمجارە بەپیاوێکی پیر، منیش نەمزانی چی بکەم ڕامکرد و چوومە سەنتەری ژنان، بەهۆی شەڕکردنم لەگەڵ ئافرەتەکانی ئەوێ، ئێستا لە زیندانم، نە کەس هەواڵم دەپرسێ و نەکەس سەردانم دەکات، کەسیش نابێتە کەفیلم».

### ئافرەتانی زیندانی گومانیان لە
### کەفالەتی کەسوکاریان هەیە

شاناز دایکی پێنج منداڵەو لەگەڵ کچە بچکۆلانەکەی زیاتر لە دوو مانگە لە بەشی ئافرەتانی هەمان چاکسازی بەهۆی کێشەیەکی خێزانی دەستبەسەرکراوە. لەرۆژی ئامادەکردنی ئەو راپۆرتە دوو برای شاناز لای بەرپرسی ئەو بەشە کەفالەتی شانازیان کرد تاوەکو بیبەنەوە، وێڕای ئەوەی بەڵێننامەیان لێوەرگیرا، کە هیچ لە شاناز ناکەن، بەڵام شاناز لای بەرپرسی بەشەکەی خۆی گوتی: متمانەیان پێ ناکەم و لەگەڵیان ناڕۆمەوە.

براکەی شاناز کە خۆی بە موصلیح ناساند، بەگوڵانی راگەیاند، هەرگیز نیازی شتێکی خراپیان نییە و ئەوان حەز دەکەن سەعاتێك زووتر خوشکەکەیان بچێتەوە ناو منداڵەکانی، وتیشی «هەرگیز مەبەستمان کوشتنی شاناز نییە، چۆن پێنج منداڵ بێ دایك دەکەین، من بوومەتە

بەرپرسی بەشی ئافرەتان لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ئافرەتان و نەوجەوانان:

**حاڵەت هەبووە کەسوکاری ئافرەتەکە بوونەتە کەفیلی و دواتر کوشتوویانە، حاڵەتی واش هەبووە کەسێکی بێگانە بۆتە کەفیلی و دواتر بازرگانی پێوەکردووە**

ئافرەتێکی زیندانی:

**حاکم لەدوای باوکمی نارد، تاوەکو کەفالەتم بکات، بەڵام باوکم حاشای لێکردم**

کەفیلی و دڵنیام ئەگەر پەنجەیەکی بەخوێن بێت، دەبێ تا دواتەمەنم لە زیندان بم، لەکاتێکدا خێزاندارم و منداڵێکیشم هەیە».

**کەفالەت بۆ ئەو کەسانە دەکەین کە هەڕەشەی کوشتنیان لەسەر نییە**

لەلای خۆیەوە د. ڤیان سلێمان سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، هێما بۆ ئەوە دەکات کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئافرەتان لەڕێگەی ئەو پارێزەر و توێژەرانەی کە لەبەشی چاکسازی کۆمەڵایەتی و راوێژکاری دەروونی کۆمەڵایەتی یاسایی کاردەکەن، چاودێری دەکرێن، ئەوان دەچنە سەر کێشەکان و لێکۆڵینەوە دەکەن، ئەو ستافە هەتا بتوانن ئاشتەوایی لەنێوان خێزانەکان دروست دەکەن، هەرکاتێکیش لایەنەکان نەگەیشتنە قەناعەت و کەیسەکە پێویستی بەیاسا بوو، ئەوا پارێزەرەکەی ئێمە بەشێوەیەکی خۆبەخش داکۆکی لەکەیسەکە دەکات، بەڵام وەکو یەکێتی ئافرەتان کەفالەت بۆ ئەو کەسانە دەکەین کە بزانین هەڕەشەی کوشتنیان لەسەر نییە، بەڵام ئەگەر خوانەخواستە ئەو ئافرەتانە مەترسی کوشتنیان لەسەر بێت، ئێمە وەکو یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ناتوانین ببینە کەفیلیان و زەمانەتی گیانی ئەو کەسانە بکەین، چونکە هیچ هێز و حیمایەیەکمان نییە، ئێمە خۆمان لەبەر ئەوەی بە ئەرکی چاکسازی کۆمەڵگە هەڵدەستین، هەڕەشەمان لێدەکرێ، هانا بۆ پۆلیس و ئاسایش دەبەین تاوەکو هاوکارمان بن، ئێمە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی کۆنتاکتێکی باشمان هەیە، هەروەهاماڵی ئافرەتانمان هەیە و ئەو ئافرەتانە دەتوانن لەوێ بمێننەوە، بەڵام من لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی ئافرەتانی ناو چاکسازی نیم، ئەگەر پێویست بێت، وەك یەکێتی ئافرەتان سەردانی ئەو ئافرەتانە دەکەین و ئەگەر ڕێی تێبچێت، ئێمە بەهەموو شێوەیەك پشتگیری لەو ئافرەتانە دەکەین و ئامادەین هاوکاریان بین، هەوڵەکانمان بۆ ئەوەیە ئاشتی و بەختەوەری بگەڕێنینەوە ناو خێزانەکان».

**هەرکەس هەڵە بکات دەبێت سزای یاسایی خۆی وەربگرێ**

پارێزەر ئاری ئەحمەد جەباری، هەر سەبارەت بەم بابەتە دەڵێت: «هەر کەسێك هەڵەبکات دەبێ سزای خۆی هەر وەربگرێت، ئەگەر بەهەڵەش تاوانبار کرابێت، ئەوا ئەو کەسە دەبێت بە بەڵگە و دەلیل بەرگری لەخۆی بکات». وتیشی «پێویستە گروپی فشار و رێکخراومان هەبێت، کە کاری بەرگریکردن بێت لەو ئافرەتانەی کە چ لەلایەن یاسا و چ لەلایەن کەسوکاریانەوە غەدریان لێدەکرێت، تەنانەت لەیاساشدا هەر کەسێك کەسێکی دیکە بکوژێت، ئەگەر دایکی یان خوشکی یان هاوسەریشی بێت، ئەوا سزای خۆی وەردەگرێت و دەچێتە خانەی کوشتنی بەناهەق و بەپێی ماددەی ٤٠٥ و ٤٠٦ لە یاسای سزادانی عێراقی سزا دەدرێت».

**پێویستە لە پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکرێت**

پەرلەمانتار تارا ئەسعەد لە لیژنەی منداڵ و خێزان لە پەرلەمانی کوردستان، هێما بۆ ئەوە دەکات کە ماڵی داڵدەدانی ئافرەتان بۆ ئەو ئافرەتانە دانراوە کە تووشی کێشەی کۆمەڵایەتی دەبنەوە، گوتیشی «بەڕاستی کێشەکانی ئافرەتان لە زیندان و ماڵی داڵدەدان زۆرە، زۆرجار کەسوکارەکەی وەری دەگرێتەوە و دواتر لەناوی دەبات، لەڕووی مافی مرۆڤە ئێمە چەند جارێك ئەو باسەمان ورووژاندووە، ئەوەش زیاتر پەیوەندی بەهۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لەلایەن رێکخراوەکانی تایبەت بە داکۆکیکردن لەمافی ئافرەت و کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە، هەروەها هۆشیارکردنەوەی خودی ئافرەتان تاوەکو رووبەڕووی دەرەنجامێکی لەمجۆرە نەبنەوە و ڕێگەی نادروست نەگرنەبەر لەکاتی روودانی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی، بۆ پرسی کەفالەت و داکۆکیکردن لەو ئافرەتە گیراوانەش پێویستە داواکارییەك بێتە پەرلەمان و لەگەڵ لیژنەی یاسایی گفتوگۆی لەسەر بکەین کە ئایا هەموارکردنەوەی یاسایی پێویستە، یان وەکو پەرلەمان داواکاری پێشکەشی حکومەت بکەین بۆئەوەی ئەگەر بە تەشریعکردنیش بێت، بتوانین خزمەت بەم توێژە بکەین.

پەرلەمانتارێک:

**پێویستە داواکارییەک بێتە پەرلەمان و لەگەڵ لیژنەی یاسایی گفتوگۆی لەسەر بکەین کە ئایا هەموارکردنەوەی یاسایی پێویستە، یان وەکو پەرلەمان داواکاری پێشکەشی حکومەت بکەین بۆئەوەی ئەگەر بە تەشریعکردنیش بێت، بتوانین خزمەت بەم توێژە بکەین**

سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان:

**ئێمە لەبەر ئەوەی بە ئەرکی چاکسازی کۆمەڵگە هەڵدەستین، هەڕەشەمان لێدەکرێ و هانا بۆ پۆلیس و ئاسایش دەبەین تاوەکو هاوکارمان بن**





# داوادەکرێ پەرلەمانی کوردستان بە فەرمی ڕۆژی دایک دەستنیشان بکات

**لە زۆربەی وڵاتانی دنیا ڕۆژێک وەک ڕۆژی دایک دەستنیشان کراوە و هەر وڵاتێکیش بۆ دەستنیشانکردنی ئەو ڕۆژە پێوەر و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام بە گشتی ئەو ڕۆژە بەلایانەوە بایەخێکی زۆری هەیە و دەیکەن بە جەژن و بە نەریتی جیاواز ڕێز لە دایکان دەگرن، بەڵام لە کوردستان بە فەرمی ڕۆژی دایک دیاری نەکراوە، پەرلەمانتارێکیش بەپێویستی دەزانێت کاری بەپەلە لەو بوارەدا بکرێت.**

## ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە مێژووی ڕۆژی دایك

لەمێژووی مرۆڤایەتیدا یۆنانییەکان یەکەم وڵات بوون کە ڕێزیان لەدایك گرتووە. جەژنی دایك لەلای یۆنانییەکان (ئیگرییەکان) بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە کە نزیکەی ٢٥٠ ساڵ پێش زایین، فیستڤاڵێکیان بەناوی (سبیل) بۆ دایکی خوداوەندەکانیان لە (١٨ی ئازار) ڕێکخست. ئەوان پێیانوایە دایکی خوداوەندەکانیان لەو ڕۆژە هاتۆتە دنیا.

هیندستان وڵاتێکی دیکەیە کە مێژوویەکی دێرینی لە ڕێکخستنی جەژنی دایکدا هەیە. لەو وڵاتە ڕۆژی یەکی ئایار وەك جەژنی دایك دەستنیشان کراوە، بێگومان دەستنیشانکردنی ئەم بۆنەیەش بۆ (درجا برجا) دایکی خوداوەندی هیندییەکان دەگەڕێتەوە، بە باوەڕی هیندۆییەکان (درجا برجا) دایکی سەرجەم خوداوەندەکانیان لەو ڕۆژەدا لەدایکبووە.

ڕۆژی (٢١ ئازار)یش لە وڵاتانی (میسر ـ عێراق ـ لوبنان ـ سووریا ـ لیبیا ـ فەلەستین ـ یەمەن) وەك ڕۆژی دایك ناسراوە، یەکەم وڵاتیش میسربوو کە ئەم ڕۆژەی کردە پشووی فەرمی. دەستنیشانکردنی ئەم ڕۆژەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نووسەری میسری عەلی ئەمین لە ڕۆژنامەی (اخبار الیوم)دا لە (٢١- ئازاری - ١٩٤٣) وتارێکی بەناوی (ڕۆژێك بۆ دایکێکی مێهرەبان) بڵاوکردەوە، مەبەستی نووسەری میسری ستایشکردنی ڕۆڵی دایکان بوو، نووسەر لە وتارەکەیدا ئاماژەی بەوە دابوو کە پێویستە ڕۆژی (٢١ی ئازار) بکرێتە بۆنەیەکی نیشتمانی و بە جەژنی دایك بناسرێت. بەڵام عەلی ئەمین لەدوای بڵاوکردنەوەی ئەو وتارەی لەلایەن ڕژێمی پاشایەتی ئەوکاتی میسرەوە تووشی ئازار و چەوساندنەوە بوو، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ناوبراویان بە بڵاوکردنەوەی بیری سوشیالیستی تاوانبارکرد، ماوەیەکیش دەستگیریان کرد، بەڵام دوای شۆڕشی میسر، جەمال عەبدولناسر سەرۆك کۆماری میسر لەساڵی (١٩٥٦) بڕیاری دا کە ڕۆژی (٢١ ی ئازار) بکرێتە پشووی فەرمی، دواتریش حافز ئەسەد سەرۆکی سووریا لە ساڵی ١٩٧٢دا ئەم ڕۆژەی وەك جەژنی دایك ناساند، بەدوای ئەواندا چەندین وڵاتی وەك جەزائیر و یەمەن و لوبنان (٢١ی ئازار)یان وەك ڕۆژی دایك دەستنیشان کرد.

هەندێك وڵاتی دیکەی جیهان ئەم ڕۆژەیان بەجەژنی (کریسمس)ەوە بەستەوە، لە ئیسپانیا و پرتۆگال ڕۆژی (٨- کانوونی یەکەم )وەك جەژنی دایك دیاری کراوە، کە لەو ڕۆژەدا مریەم دایکی عیسای پێغەمبەر (د. خ) لەدایکبووە. شایەنی باسە ئیسپانییەکان لەکەنیسەکاندا ئاهەنگ بۆ دایکەکان دەگێڕن، بەپێچەوانەوە جەژنی دایك لە هەندێك وڵات زیاتر نۆرمێکی خێزانی وەرگرتووە، ئەوەتا وڵاتی نەرویج لە یەکەم یەکشەممەی مانگی تشرینی یەکەم و لە جەژنی خێزانی یادی



ڕۆژی دایک دەکەنەوە.لە هەندێک وڵاتیش حکومەت ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی یادکردنەوەی ڕۆژی دەکات. ئەوەتا لە ئەرژەنتین (دووەم یەکشەمە لە مانگی تشرینی یەکەم) پشووی فەرمییەو حکومەت یادەکان ڕێکدەخات و لە دەزگا حکوومییەکانیشدا یادەکە دەکرێتەوە.

لەوڵاتە عەرەبییەکانی وەک سووریا، لوبنان، میسر و جەزائیریش بەشێوەیەکی ڕێکخراو یادی ڕۆژی دایک دەکرێتەوە. حکومەتی سووریا ڕۆژێکی وەک جەژنی دایکانی نەتەوەیی دەستنیشان کردووەو کردویەتی بە پشووی فەرمی و لە دامودەزگا حکوومییەکاندا خەڵات بەسەر دایکەکاندا دابەشدەکرێت.

زۆر وڵاتی دیکە لەجیهاندا هەن کە ڕۆژێکی دیاریکراویان بۆ دایکان بەشێوەیەکی جێگیر دەستنیشان نەکردووە، ئەوەتا لە ئەسیوپیا هەرساڵەو لە ڕۆژێکدا یادی جەژنی دایک دەکەنەوە، بەڵام ئەوەی شوێنی سەرنجە ئەسیوپیەکان زۆر بایەخ بە دایک دەدەن و زۆر ڕێزی دەگرن. هەندێک وڵاتیش جەژنی دایکیان بە کۆتاهاتنی وەرزێکی دیاریکراو بەستۆتەوە، بۆ نموونە لە مەکسیک لە (١٠ی ئایار) یادی جەژنی دایک دەکەنەوە، کە هاوکاتە لەگەڵ کۆتایی هاتنی وەرزی سەرما. هەندێک وڵاتیش وەک ڕووسیای سپی ـ بولغاریا ـ ڕۆمانیا ـ ڕووسیا ـ کازاخستان و زۆربەی وڵاتە سۆشیالیستییەکان جەژنی دایکانیان بە ڕۆژی جیهانی ئافرەتانەوە بەستۆتەوەو ڕۆژی (٨ی مارس)یان وەک ڕۆژی دایک دەستنیشان کردووە.

لەئێرلەندا ئەم جەژنە سیمایەکی ئایینی وەرگرتووەو لە ڕۆژی ١٤ی ئازاردا لە کەنیسەکان بۆ جەژنی دایک ئاهەنگ دەگێڕن. سەبارەت بە هۆکاری دەستنیشانکردنی ئەم ڕۆژەش مێژوونووس سۆفیسکاش دەڵێت: لەچەرخی یازدەیەمدا کەنیسەیەکی کاسۆلیکی ١٤ی ئازاری دەستنیشان کرد بۆ ئەو کوڕانەی کە بۆ کارکردن لە گوندەوە دەچوون بۆشار، لەسەریان پێویست کرا لەم ڕۆژەدا بێنەوەو سەردانی دایکیان بکەن.

لە ئێران ڕژێمی پاشایەتی ڕۆژی (٢١ی سەرماوەز)ی کە ڕۆژی لەدایکبوونی دایکی پاشا بوو، وەک ڕۆژی دایک دیاری کردبوو، بەڵام دوای شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٩٧٨ی زایینی و ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی و دامەزرانی کۆماری ئیسلامی ئێران، ڕۆژی ٢٠ی جەمادی دووەم کە ڕۆژی لەدایکبوونی فاتیمەی کچی پێغەمبەری موسڵمانانە ( د. خ)، وەک ڕۆژی دایک کراوەتە پشووی فەرمی.ئێرانییەکان بایەخێکی زۆر بە ڕۆژی دایک دەدەن و لەو ڕۆژەدا زۆربەی دایکان لەلایەن ئەندامانی خێزانەوە هەدیەی جۆراوجۆر وەردەگرن.

## پەرلەمان ڕۆژێکی فەرمی بۆ جەژنی دایك دیاری نەکردووە

هاژە سلێمان ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، ڕایوایە دایکانیش وەک چینێکی گرنگ پێویستیان بەوەیە کە ڕۆژێکی تایبەت بەخۆیان هەبێت و دەڵێت «لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا ڕۆژی دایك بە فەرمی ناسراوە، بەڵام لەکوردستان هەتا ئێستا ڕۆژێکی تایبەت بەدایکمان نییەو پێویستە لە کوردستانیش بە فەرمی ڕۆژێکی تایبەت بۆ دایکان دەستنیشان بکرێ». ئەو پەرلەمانتارە جەختی لەوەش کردەوە کە هەتا ئێستا هیچ بیرۆکەیەك بۆ دەستنیشانکردنی ڕۆژی دایکان پێشکەش بەپەرلەمانی کوردستان نەکراوە، گوتیشی «لیژنەی مافی ئافرەت دەتوانن پێشنیارێك بۆ دەستنیشانکردنی ڕۆژی دایك پێشکەش بە پەرلەمان بکەن».

هاژە پێشنیاری ئەوەش دەکات کە ڕۆژی دایك لەهەرێمی کوردستان هاوتا نەبێت لەگەڵ ڕۆژی (٢١ی ئازار)، بەڵکو دەتوانرێ بۆ نموونە ڕۆژی شەهیدبوونی ئافرەتێکی قارەمان بکرێتە جەژنی دایك».

## ئایینەکان ڕێزی زۆریان بۆ دایك داناوە

«دایك ئەوەندە پیرۆزە ئەوکەسەی کەدایك و باوکی لێی ڕازی نەبن بەهەشت نابینێت». ئەمە قسەی مامۆستا عومەر حەسەن، ئیمام خەتیبی مزگەوتی ڕەشاد مفتی بوو، مامۆستا عومەر گوتی: لەڕووی ئایینییەوە دایك زۆر پلەی بەرزە و ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش زۆر گرنگی بەدایك داوە». گوتیشی «لەڕووی شەرعییەوە زۆر ئاساییە ڕۆژێك بۆ ڕێزگرتنی دایکان دەستنیشان بکرێت، مەرجیش نییە هەمان ئەو ڕۆژە دەستنیشان بکەین کە وڵاتانی عەرەبی دەستنیشانیان کردووە، چونکە ئێمە میللەتێکین تایبەتمەندی خۆمان هەیە».

نارین عەبدولقادر بەرپرسی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، هێما بۆ ئەوە دەکات، دایکایەتی پیرۆزترین ئەرکە و دایکیش گەورەترین قوربانیدەرە لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و پێویستە سەرجەم ڕۆژەکانی ساڵ ڕێزی لێبنرێت»، پێشنیاری ئەوەشی کرد کە ڕۆژی ئاڵای کوردستان کە ڕۆژێکی پیرۆزە و هاوشانی دایکانی کوردە، بکرێتە ڕۆژی دایك، یان ڕۆژێك (٢١ی ئازار) کە ڕۆژێکی زۆر گونجاوە بۆ ڕۆژی دایکان، چونکە یەکەم ڕۆژی ساڵی نوێی کوردییە و یەکەم ڕۆژی بەهاریشە و ڕۆژێکە ژینگە تێیادا نوێ دەبێتەوە» . گوتیشی «بە بڕوای من پەرلەمانی کوردستان نابێت لە دەستنیشانکردنی ڕۆژی دایك کەمتەرخەمی بکات، پێویستە زیاتر گرنگی بە ڕۆژی دایك بدرێت، دەزگاکانی حکوومی و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنیش پێویستە بۆ ناساندنی ئەم ڕۆژە بە کۆمەڵگە هەوڵی زۆر جددی بدەن».

شنۆ عەزیز توێژەری کۆمەڵایەتییەو ئەویش یەکێکە لەو هەزاران کەسەی کە خوازیارە ڕۆژێکی فەرمی بۆ دایکان دەستنیشان بکرێ، گوتیشی «پەرلەمان و حکومەت و ڕێکخراوەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش دایکانیان فەرامۆش کردووە و هیچ هەوڵێکیان نەداوە بۆ ئەوەی لانیکەم وەك ڕۆژی جیهانی منداڵان ڕۆژێکیش بە فەرمی بۆ جەژنی دایکان تەرخان بکرێت».

پەرلەمانتارێک:

**هەتا ئێستا هیچ بیرۆکەیەک بۆ دەستنیشانکردنی ڕۆژی دایکان پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان نەکراوە، بەڵام لیژنەی مافی ئافرەت دەتوانن پێشنیارێک بۆ دەستنیشانکردنی ڕۆژی دایک پێشکەش بە پەرلەمان بکەن**

مامۆستایەکی ئایینی:

**لەڕووی شەرعییەوە زۆر ئاساییە ڕۆژێک بۆ ڕێزگرتنی دایکان دەستنیشان بکرێت، مەرجیش نییە هەمان ئەو ڕۆژە دەستنیشان بکەین کە وڵاتانی عەرەبی دەستنیشانیان کردووە، چونکە ئێمە میللەتێکین تایبەتمەندی خۆمان هەیە**

کۆمەڵناسێک:

**پەرلەمان و حکومەت و ڕێکخراوەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش دایکانیان فەرامۆش کردووە و هیچ هەوڵێکیان نەداوە بۆ ئەوەی لانیکەم وەک ڕۆژی جیهانی منداڵان ڕۆژێکیش بە فەرمی بۆ جەژنی دایکان تەرخان بکرێت**